








XALXAOKE * GOVAREKI WERZI * MINDALANE * AHMAD DASHTI * SERPERISHTI DEKAT * BEHARI * 03 * JIMARE * 11

# کەسایەتی بارزانی نەمر



بارزانی نەمر هەر لەو کاتەوە ڕاکە دەستی تفەنگی گرت و هاتە کۆڕی خەبات و ڕاپەرین، لەپێناوی کوردوکوردستان داخۆی بەخت کردو وەك سەرکردەو کەسایەتیەکی زۆر مەزن لە بزافی نەتەوایەتی و شۆڕش و بەرخودان دا ناوی دەرکردو بەداگیرکەرانی کوردستانی سەلماند کە گەلی کوردهەرگیز نامرێت ولەئازاری 1970دا چۆکی بە ، بۆل3

# پیرۆز بێ ڕزگاری کوردستان



دەزانن ئەگەریارمەتی زلهێزەکان نەبوایە ئەوا تا ئێستاش سەدامی دکتاتۆرهەرمابوووخەلکی کوردو هەموو عێراقییەکی بەتێکرابی دەکوشت و هەزارانی تری زیندە بەچال دەکردن و ئەم ئازادیەی کە ئەمرۆ وەدەست هاتووە ئاوا بە ئاسانیوەدی نەدەهات و خەلکی عێراق هەتا ئێستا هەر لە ژێر زەبرو زەنگ و کوشت و کوشتار دەمایەوە؟ بەلام ئەمرۆکە لەسایەی سەری خەباتی خەلکی عێراق بە کوردو عارەب وکەمەنەتەوایەتیەکانەوەو بەیارمەتی هاوپەیمانەکانی وەك ئەمەریکاو ئینگلیزەکان کە توانیان ئەم سەدامەخوێن ڕێژە لەناو بەرن ، گەلی عێراق ڕزگار بکەن، وەی دەستیان خۆش بێت، نەمان بۆهەموو خوێنڕێژان وداگیرکەران .

# پەندی ژیان

چەند پەندێك لەپەندی ژیان لە نوسینی ئەحمەد دەشتی کەکراوەبەشیعر . بۆل 13

**چاو بەناز** لە ژمارەی پێشودا تا ئێرە هاتین کە دەلێت: ئێتر دیسان چاوبەنازخەون دەبینێ و لای وابوو کە دارە پیرو تەمەن درێژەکەبۆوەتەوە دەروازەیەك رو ئەویش لەهەمان شوێن دا لێی چوەتە ژوورەوە . بۆل 11

# بەهاری ئازادی

زارۆکە ئازیزوخۆشەویستەکانم، ڕۆلەکانی ئایەندەی کوردستانی شیرینمان، ئەوا ئەمسالیش بەهاری رەنگین و جەژنی نەورۆزی کوردەواری گەرایەوەولەهەمووکوردێك پیرۆز بێت، واکوردستانی ڕەنگین دیسان بەرگی سەوزی بەهاری خۆی لەبەر کردەوەو هەر چی دەرو دەشت وچیا نەخشینەکانی نیشتمانە وارازاونەتەوەو تا چاوت هەتەر دەکاتن ئەوا جوانی وەدی دەکرێتن. خۆبەهاری ئەمسالی کوردەواری لەگەل بەهاری سالانی تر زۆرلێك جیایەو کوردستانی لەژێرچنگی دڕندەکان وارزگاربوە ، دکتاتۆرەکانی کە باوك و باپیران ولاو وپیرو منداڵانی کوردیان بە یەکەوە زیندە بەچال دەکرد وا ئەمرۆ تەفرو تونا بوون و دەفن بوون، ئەومرۆ کوژانە وا لەناوچوون و خەلکی تەواوی کوردستانی باشورمان وا جەژنی رزگار بوونی کوردستان دەگرێت وگەلی کورد لەچنگی فاشستەکان ئازادو رەهابووە ، والەکوردستان شایی و بەزم دەگێرن وسروودی ئازادی دەچرن، سادەبێ ئێمەش یوکبگرین و یەکترمان بە دل و بە گیان خۆش بوێت، پێکەوە رووڵەکوردستانمان بکەینەوە ، تەنیا کوردستانمان روگەی ژیانمان بێت، وا ئەمرۆکە لە شاری دلی کوردستان وهەمووئەودەڤەرانەیکەداگیرکەرە نامەردەکان تەعریبیان کردبوو هەر لەخانەقینەوە هەتا ژەنگار وا هاتەوە ئامێزی کوردستانی دایکمان و دوژمن دەرکران و نەفرینیان لێ کرا وکوردیش سەربەست ورەهاجەژنی رزگاری دەگرێن وئاسۆ یەکی ڕوونیشمان لێوە دیارە ، جادەبێ ئاشتی و برایەتی پتەوتر بکەین.

# یادێك لە



ماموستای مەزن هێمن هۆزانوانی نەمر بۆلاپەرە7

# ناو دارانی کورد



بو ل 9

شاعیرو زانای کورد موخلیس

# دکتاتورە کەی بەغدا



لەرۆژی 2003.4.9 دا کەدکتاتۆرەکەی بەغدا چارەی ون کرا وقەلای زۆرداری وپڕلەتاوان و درندەبی بەعسیە خوێن ڕێژەکان لەبن و بۆتکەوە روخاو موژدەی ئازادی و ڕزگاری بە گەلی کوردوهەموو خەلکی عیراق درا ئیتر جەژنی شادی وئازادی بۆل 3

# هونەرمەندی کورد



حەسەن زیرەکی نەمر کە دەنگە زولالەکەی هەمیشەزیندووەو دەزرینگێتەوەوقەت نامرێت و لەناودەروونی هەموکوردێ دا ئەستێرەیەکی پڕشنگدارە .

مەتەل هەلێنە بزانە چیە بۆکوردپێویستەوئەمرۆکە نیە کوردیش یەکگری دەگابەوێندەر ئالای بەرزەکالەترۆپك ولەسەر

پیرۆز بێت مەرگی دکتاتۆرەکەی بەغداوسەرکەوتن بۆ کوردو کوردستان

# ئایا دەزانی؟

- لە 11 ئازاری سال 1970دا شۆڕشی ئەیلولی مەزن چۆکی بەڕژێمی ئێراقی داداو لە کوردستان شەڕ وەستا و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی باشور ڕاگەیەندرا؟

- لە ڕۆژی 30 . 1947.3 دا قازی و یارانی لە مەهاباد لە سێدارە دران؟

- لە 1974.3.13دوا ڕۆژنامەی (التآخی) دەرچوو.

- لە 1931.12.9 یەکەم شۆڕشی بارزان هەلگیرسا .

- لە 1932.3.15 گۆڤاری هاوار لە شام دەرچوو؟

- لە 1988.3.16بە گازی خەردەل و سارین و سیانید شاری هەلەبجە بە بۆردومانی کیمیایی شەهید کراو پترلەپێنج هەزار شەهید بوونە قوربانی کوردستان؟

- لە 3.21 هەموو سالێ جەژنی نەورۆزە واتە بەهارەو سەرەسالی کوردیە ؟

- لە 1974.3.27دا ڕژێمی ئێراق شەڕی دژ بە کوردستانی هەلگیرساندەوە؟

**پەیڤێك** گەورەترین کاربۆهەمووڕابەروهەمووکەسایەتیەك لە ژیان دا بە تایبـــەتی ئەوانەی کەسەرکردایەتی میللەتان دەکەن دەبێ دان بەمافی دیمـــــــــوکراتیەت و یەکسانی بنێن وئەومافەڕەوایانەی کە مافی مرۆڤە و چۆن بە ئازادی وەدونیـا هـاتووە و ئاواش هەتا ئەو ڕۆژەی کە زیندووە مافی خۆیەتی کە ســەربەرزو ئازادو ڕەهـا لە ناومال وخاك و زێدی خۆی دا دوور بێتن لەهەموو چەوســاوەیی و مال وێـرانی لە ژیان دا سەربەستانە و سەر بەخۆ ڕەها بژیتن ،ئەوانـــەی کـە دان بە مـــافی مـرۆڤایەتی نانێن و هەمیشــــە دژ بەویست و خواســتی گـەلان و ئازادیخوازانن و بەوپەڕی درندەیی ڕەفتار دەکەن ،ئەو دکتـــاتۆرو نامەردانەن کە وەك ســەدامی خوێن ڕێـژ ڕۆژێ دەبینن کە بەچی دەردێکەوە دەچن، دیمان کە سەدامی خوێن ڕێژ چی بەسەرخەلکی عیراق بەتایبەتی خەلکی کوردهێناو، بەهەزاران هەزار رۆلەی قارەمانی لەناو بردووەو بەهەزارانی ون و وێل کردووەو لە ئاکام داچی وەســەرهات ئەم دکتاتۆرانەی کەدەڕمێن ئیتر بەشــێوەیەك دەتەپن کە هیچ کەسێك بە هانایانەوە نایەت و بۆهەمیشـە نەفرین دەکرێن و ناوی گلاویان دەکەوێتە زبل دانی مێژووەوە .

# یاریە فۆلکلۆریەکانی کوردی

زارۆکانی ئازیز و خۆشەویست، ئێمەی کوردیش وەکو هەموو گەلانی جیهان یاری فۆلکلۆری تایبەت بەهۆزی خۆمان هەیەئەم بازیانەش لە تەواوی کوردستان دا ئەنجام دەدرێن. ئەمانەش ناوەکانیانە کۆسەبەبە –حێللانێ –حوحابێ –سابونە ڕەقە – قاشوانێ – هەدگدگە –بارەخێیانێ – هەلیکسۆ –دونگە مەڕانێ – چاوشـلکانێ – گورزگورزانێ – تیرۆگێ – تۆپ تۆپانێ .

ئەم یاریانەو گەلێ یاری تر هەن کە لە داهاتوو دا ئەگەر بۆمان بلوێت تەواوی یاریەکانتان بۆ شێ دەکەینەوە کە لە ناوچەی دەشتی هەولێر چۆن ئەنجام دەدرێت.

# دلی کوردستان



زارۆکەئازیزەکان ئایادەزانن کە شاری دلی کوردستان ئەوشارەیەکەبارزانی نەمرناوی لێ نادلی کوردســتان ئەوە کەرکوکە؟ بەلێ کەرکوك دلی کوردستانە خۆ ئەگەر دلیش نەبێتن ئەوا ژیانیش نابێتن، ســائەوشــارەی کەوا سالەهای سالەتەعریب وداگیریان کردبوو ئەمــڕۆ کە وا هاتـۆتەوە باوەشی کوردســتانی ئازیزمان، ئەوەش موژدەیەکی تا بلیێ پڕی شادیە کەهیوای بـارزانی نەمرو وهەمـووکــوردێك وا هاتەدی وکەرکوکی دلی کوردستان وهەموو ناوچەتەعریب کراوەکان بەتێکرایی ڕزگـاربوون وســەدامی دکتاتۆرو پیاو کوژەکان تەفروتوناکران وبۆ هەمیشـەلەناوبران، دەسا هاتنە دی ئاواتەکانی بارزانی و هەموگەلی کـــورد کە ڕزگاری کوردستانی باشورە لەهەموو کوردێکی دلســـۆز پیرۆز دەکەین وئێمەش چاوەڕوانی ئەم ڕۆژەمان دەکردکەبێت و بە ئازادی بگەڕێنەوەناوخاکی شـیرینی خۆمان ولەم غـەریبیـەدا نەمینێین ولەسایەی رزگاریدا بەکوردســـتان شاد ببینەوە و ببینەخزمەتکاری خاکی کوردســـتانی ڕزگارکراوی خۆمان کوردیش وەك هەموو گـەلانی جیهان نیشتمانی خۆی بەرەو پێشـەوەببات وئێمەی ئاوارەکانیش شادان و خەندان لەگەل کەس وکارانمان بژین ولەرێگەی خزمەت بەکوردستانمان لە ئازادو سەر بەرزبژین، ئازیزانم دەبێ ئـەوەش لە یاد نەکەین کە تەنیا بەیەکبوونی کورد دەتوانین کوردســـتان پێش بخەین و نەیەلین جارێکی تر کەنەیاران وداگیرکـــەران بگەڕێنـەوە ناوخاکی کوردستان، بۆیەدەبێ ئێمەهەمومـان یەکترمـان خۆش بوێت و یەکتر بگرین و کوردســتانمان لە هەموو شتێ لاگەورەتربێت ئەوسا سـەرکەوتن مسۆگەر دەبێت، ئێمەش وەك تەواوی گەلانی سەر ڕوی ئەم زەمینـە کوردستانێکی سەربەخۆمان دەبێت و چیتر چەوساوەی دەســتی زولمی داگیرکەران نابین، گەورەترین شت بۆ گەیشـــتن بەو ئامانجە پیرۆزەش گیانی پاکی یەکگرتن و خۆشەویستی یەکترە دەبێ ئێمەش لە سەرزیاتر خزمەت بەکوردو کوردســــتانمانەوە پێشبرکێ بکەین وئەم کوردستانەئازیزەی خۆمان پێشبەرین .

**ئەو داگیرکەرە دڕندانەی کە زولم و زۆرداری دەکەن وەك سەدام لە ناو دەچن و بۆ هەمیشە نەفرینیان لی دەکریت.**